Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.2.7

# کاریگەری ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران لە ساڵی 2024 (توێژینەوەیەکی میدانیە)

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Gailan Ahmad Jamil
gailan.jamil@su.edu.krd

RECEIVED :06 /03/2025
ACCEPTED :14/05/ 2025
PUBLISHED :15/04/ 2026

**سەنکەر عیسی صالح /** قوتابخانەی شیرۆکیان، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی مێرگەسۆر، وەزارەتی پەروەردە - هەرێمی کوردستان/ عیراق.
**عفان حاجی صالح/** بەشی ئابووری، کۆلێژی بەرێوەبردن و ئابووری، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر, هەرێمی کوردستان,عێراق
**گەیلان احمد جمیل/** بەشی ئابووری، کۆلێژی بەرێوەبردن و ئابووری، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر, هەرێمی کوردستان,عێراق

**پوختە**

بازاڕی هەرێمی کوردستان کاڵا و خزمەتگوزاری زۆر و جۆراوجۆر و هاوشێوەی هەیە، دامودەزگا و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە پێشکەوتندان و ساڵ لە دوای ساڵ بینەر و بەکارهێنەریان لە زیادبووندایە، بۆیە بەشێک لە خاوەن بەرهەمەکان لە ئێستادا پشت بە ڕیکلام دەبەستن، لەم توێژینەوە مەیدانیە هەڵدەستین بە شیکردنەوەی کاریگەری ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران، هەروەها کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی ئاخۆ تا چ ڕادەیەک بەکاربەران بۆ بەدەست هێنانی کاڵا وخزمەتگوزاریەکان پشت بە ڕیکلام دەبەسن؟ جگە لەوەش ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی رۆڵی ڕیکلامە لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران. میتۆدی توێژینەوەکە شیکاریە و پشت بە فۆرمی پرسیارنامە دەبەستێت بۆ بەدەستهێنانی داتاکان، ئەمەش بە وەرگرتنی نموونەیەک کە پێکهاتووە لە (350) بەکاربەر لە بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆی سۆران لە ساڵی (٢٠٢٤). توێژینەوەکە بە چەند دەرەنجامێک گەیشتووە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:یەکەم زۆربەی هەرە زۆری بەکاربەران لەگەڵ ئەوەدان تا ڕادەیەکی زۆر ڕیکلام کاریگەری هەیە لەسەر بەکاربردنی کاڵا وخزمەتگوزاری، دووەم زۆربەی بەکاربەران لەگەڵ ئەوەدان تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام گەورەترین کاریگەری هەیە بۆ ڕیکلام، پاشان تەلەفزیۆن بە پلەی دووەم و دوایی ئەمانەش فەیس بووک بە پلەی سێیەم دێت. لەگەڵ بوونی کۆمەلێک پێشنیار، کە گرنگترینیان بریتیە لە: هۆشیارکردنەوەی خەلک سەبارەت بەو کاڵا و خزمەتگوزاریانەی کوالیێتیان خراپە یان زیانبەخشن و ڕیکلامیان بۆ دەکرێت، بەتایبەتی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان.

**وشە سەرەکییەکان:**
ڕەفتاری بەکاربەر،
ریکلام،
کالاّ وخزمەتگوزاری.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**یەکەم: پێشەکی**

لە سەردەمی نوێدا بەهۆی زۆری و جۆراوجۆری و هاوشێوەیی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان، ناساندن، خستنەڕووی تایبەتمەندی و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم کاڵایانە بۆتە پێویستیەکی هەنووکەیی، و ڕێگای جیاواز هەیە بۆ ناساندنی ئەم کاڵا و خزمەتگوزاریانە، یەکێک لە ڕێگا سەردەمی، خێرا و باوەکان ڕیکلامە، چەندین دامودەزگا و تۆڕ هەن کەوا بە کاری ڕیکلام هەڵدەستن، لەوانە: (تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک، ئینستاگرام و تەلەفزیۆن، ......هتد)، کە بێگومان ئەو ڕیکلامانەی کەوا بۆ ئەو کاڵا و خزمەتگوزاریانە دەکرێت کاریگەری لەسەر بەکاربەران دروسدەکات، بەڵام ئەم کاریگەریە بەپێی کەسایەتی، داهات، ئاستی خوێندن و تەمەن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازی تێدەکەوێت.

بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان بێ بەش نیە لە زۆری و جۆراوجۆری کاڵا و خزمەتگوزاریەکان، پێشکەوتنی دامودەزگا و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ساڵ لە دوای ساڵ بینەر و بەکارهێنەریان لە زیادبوونە، هەروەها زۆربەی خاوەن بەرهەمەکان؛ لە ئێستادا پشت بە ڕیکلام دەبەستن بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان، بۆیە لەم توێژینەوە مەیدانیە هەڵدەستین بە شیکردنەوەی کاریگەری ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران لە سنوری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران.

**1-1 گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە کاریگەری ئەنجامدانی ڕیکلام بۆ کاڵا و خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان، هەروەها کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر، بەمەبەستی ئاراستەکردن و زیادکردنی خواست لەسەر کاڵا و خزمەتگوزاریە جۆراو جۆرەکان، کە ئەنجامدانی ڕیکلامی پێویست و ڕاستگۆیانە گرنگە بۆ بەدەست هێنانی زۆرترین خواستی گشتی.

**2-1 کێشەی توێژینەوە:**

کێشەی توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لەم پرسیارە سەرەکییانەی خوارەوە :

١- ئایا تا چ ڕادەیەک ڕیکلام کاریگەری هەیە لەسەر ئاراستەکردن و زیادکردنی خواست لەسەر بەکاربەران بۆ بەدەستهێنانی کاڵا وخزمەتگوزاریەکان ؟

٢- ئایا بەکاربەر لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆراندا، پشت بە ڕیکلامی کاڵا و خزمەتگوزاریە جۆراو جۆرەکان دەبەستن ؟

**3-1ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانین وشیکردنەوەی ڕۆڵی ڕیکلامە لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانیان لە کاڵا وخزمەتگوزاری، هەروەها زانینی کاریگەری ڕیکلامە لەسەر کاڵا و خزمەتگوزاریە جۆربەجۆرەکان لە کاڵای پێویستی جوانکاری و کاڵای تایبەت بەمنداڵان.

**4-1 گریمانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە گریمانی ئەوە دەکات کە لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆی سۆران، ڕیکلام کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر ئاراستەکردن و زیادکردنی خواست لەسەر کاڵا و خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان.

**5-1 ڕێبازی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە پشت بە ڕێبازی شیکاری باسکردنەکی (وصفي) دەبەستێت، بەوەی کە لە رووی تیۆرییەوە باس لە گرنگی ڕەفتاری بەکاربەر دەکات و کاریگەری ڕیکلام ڕووندەکاتەوە لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران، و بۆ ئامادەکردنی لایەنی پراکتیکیش، توێژینەوە پشتی بەستووە بە فۆرمی ڕاپرسی، کە بەسەر خێزانەکان (بەکاربەران) دابەشکراوە لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران.

**6-1 داتاکانی توێژینەوە:**

بۆ ئامادەکردنی لایەنی تیۆری، توێژینەوە سوودی بینیوە لە سەرچاوەکانی تایبەت بە ئابووری بەشەکی، تیۆر، گرنگی و جۆرەکانی ڕەفتاری بەکاربەر.بۆ ئامادەکردنی لایەنی پراکتیکیش، توێژینەوە پشتی بەستووە بە فۆرمی ڕاپرسی، کە بەسەر خێزانەکان (بەکاربەران) دابەشکراوە لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆی سۆران لە ساڵی ٢٠٢٤

**7-1 چوارچێوەی توێژینەوە:**

چوارچێوەی ماوەیی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە مانگی (٣) ی ساڵی (٢٠٢٤)ە، هەرچی چوارچێوەی شوێنی توێژینەوەیە، ئەوا پێکدێت لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆی سۆران، بە لەبەرچاوگرتنی قەزا و ناحیە و گوندەکانیەوە.

**8-1 پلان و پەیکەری توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە دابەش دەبێت بەسەر چەند تەوەرێکدا؛ کە تەوەری یەکەم تایبەتە بە پێشەکی و ئەوەی کە پێیەوە پەیوەستە. هەرچی تەوەری دووەمە تەرخانکراوە بۆ لایەنی تیۆری، کە ڕەفتاری بەکاربەر و ڕیکلام دەگرێتەوە. لەپاشدا تەوەری سێیەمیش پەیوەستە بە لایەنی پراکتیکی، کە ڕۆڵی ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران لە بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆی سۆران شیدەکاتەوە.هەرچی تەوەری چوارەم و کۆتاییش تایبەتە بە دەرەنجام و پێشنیارەکانی توێژینەوە.

**توێژینەوەکانی پێشوو:**

لێرەدا توێژەران کۆمەڵێک توێژینەوە دەخەنەڕوو سەبارەت بە کاریگەری ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر بە ئامانجی سوود وەرگرتن لە لێکۆڵینەوەکەیان، توێژینەوەکان بەپێی زنجیرەی کاتی خراونەتەڕوو بەم شێوەی خوارەوە:

توێژینەوە (1): حليمة رزقون و سارة خطاط، (2021)، تـأثير الاعلان الالكتروني لمؤسسة اوريدو عبر مواقع التواصل الاجتماعي على سلوك المستهلك، رسالة ماجستير، كلية الاعلام والاتصال والسمعي البصري، جامعة صالح بوبندير قسنطينة -03-، ئامانجی لێکۆڵینەوەکە نیشاندانی کاریگەری ڕیکلامە ئەلیکترۆنیەکانە لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران، هەروەها ئاشکراکردنی پاڵنەرەکانی پشت ئارەزووی بەکارهێنەران بۆ ئەم توێژینەوەیە، بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی زۆری ئەم جۆرە ڕیکلامە و چۆنیەتی کاریگەری لەسەر ڕەفتارەکانیان، هەروەها کاریگەرترین شێوازە بۆ ئەوان. توێژینەوەکە گەیشتە ئەم ئەنجامانە: ڕیکلامی ئەلیکترۆنی کاریگەری ئەرێنی لەسەر هەڵسوکەوتی بەکاربەر هەیە، فەیسبووک یەکێکە لە سایتە کاریگەرەکانە لەسەر هەڵسوکەوتی بەکاربەران بەراورد بە سایتەکانی تر، ڕیکلامی بانەر لە فۆرمەکانی تر سەرنجراکێشتر و کاریگەرترە.

توێژینەوە (2): أثر التجارة الالكترونية على السلوك الشرائي للمستهلك: الدور الوسيط للتكنولوجيا المالية، أيمن محمود عبدالله أبو هنية(2021)، رسالة ماجستير، كلية الاعمال، جامعة الشرق الأوسط، ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە: کاریگەرییەکانی بازرگانی ئەلیکترۆنی لەسەر ڕەفتاری کڕینی بەکاربەران بە تەکنەلۆژیای دارایی وەک گۆڕاوێکی دەستێوەردانکار لە فرۆشگاکانی کاڵای بەکاربەر و خۆراکی بەرفراوان لە ئوردن بکۆڵێتەوە. توێژینەوەکە گەیشتە کۆمەڵێک دەرئەنجام: گرنگترینیان بوونی ئاستێکی بەرزی گرنگی ڕێژەییە بۆ هەریەکێک لە بازرگانی ئەلیکترۆنی، ڕەفتاری بەکاربەر، تەکنەلۆژیای دارایی لە فرۆشگا گەورەکانی بەکاربەردنەکی و خۆراک لە ئوردن.

توێژینەوە (3): خليفي عائيشة، (2020)، الاعلان الالكتروني وتـأثيره على السلوك الاستهلاكي لمستخدمي الانترنيت، رسالة ماجستير، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، جامعة قالمة، گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە تیشک خستنە سەر ئامانجە ڕاستەقینەکانی ڕیکلام ,پێناسەکردنی واقیعی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی وزانینی کاریگەری ڕیکلامە

ئەلیکترۆنیەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەری تاکەکان بەتایبەتی بەکارهێنەری جەزائیری. توێژینەوەکە بە کۆمەڵێک دەرەنجام کۆتایی هات، کە گرنگترینیان بریتین لە: ڕیکلامی ئەلیکترۆنی کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی بەکاربەرانی ئینتەرنێت هەیە، ئەمەش بەهۆی تایبەتمەندییەکانی و توانای تێرکردنی پێداویستی تاکەکان. لەسەر بنەمای ئەمەش دامەزراوەکانی بەرهەمهێنان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان هەولیانداوە سودمەندبن لەم جۆرە خزمەتگوزاریە، چونکە پێشکەوتووترین شێوازی ڕیکلامە کە گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی لە جیهاندا دروستکردووە. ڕیکلامی ئەلیکترۆنی دەستی خستووەتە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکان, کە ڕیکلامی تەقلیدی نەیتوانیوە پێی بگات و بەکارهێنانەکانی لە ڕێگەی خزمەتگوزاری، ئۆفەرە ئامانجدارەکانی توانای ناسینی ڕەفتاری بەکاربەر، چۆنیەتی کاریگەری لەسەر بەکاربەر، ڕازیکردنی بۆ گۆڕینی ڕەوت و بڕیارەکانی و کارکردن بۆ تێرکردنی پێداویستی و ئارەزووەکانی.

توێژینەوە (4): نەزاکەت حسین حەمە سەعید و ئەحمەد قادر علی (2019)، ڕۆلی ریکلام لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر رەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیدا) خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی بە نموونە، توێژینەوەی بڵاوکرەوە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی (6)، ژمارە (4)، گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی رۆلی ریکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر رەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیدا)، وە توێژینەوەکە بە کۆمەلێک دەرئەنجام گەیشتووە کە گرنگترینیان: تا ئێستا تەلەفزیۆن نەبووەتە سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاری و دانانی پلانی ژیانی رۆژانە بۆ وەرگرەکانی لە بواری پۆشاکپۆشیدا، لەبەرئەوەی لەلایەکەوە ئەو ریکلامانە پێداویستی وەرگرەکانیان لە پێدانی زانیاری پێویست سەبارەت بەو کالآ و شمەک و پۆشاکانەی پێویستیان پێیەتی پرناکەنەوە، لەلایەکی دیکەوە تا ئێستا بەکاربەر پشت بەو ریکلامانە دەبەستێت، کە لەناوخۆیاندا باوە " گواستنەوە لە رێگەی دەمەوە"

توێژینەوە (5): بن هنیة وسیم و کادي یوسف (2018)، تـأثیر الاعلان الالکتروني علی سلوک المستهلک، رسالة ماجستیر، کلیة العلوم الانسانیة والاجتماعیة، جامعة قاصدي مرباح – ورقلة، ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە: دیاریکردنی پاڵنەرەکانی بەکاربەر بۆ بەکارهێنانی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی و دەستنیشانکردنی شێوازی بەکارهێنانی بەکاربەر لە ڕیکلامە ئەلیکترۆنیەکان، هەروەها تێگەیشتن لە چۆنیەتی کاریگەری ڕیکلامی ئەلیکترۆنی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران هەیە. گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە: پاڵنەرەکانی خوێندکارانی زانکۆ بۆ بەکارهێنانی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی ئابوورییە. ڕیکلامی ئەلیکترۆنی کاریگەری ئەرێنی لەسەر هەڵسوکەوتی قوتابیان هەیە.

توێژینەوە (6): جاري الصالح، (2008)، تأثیر العلامة التجاریة علی سلوک المستهلک، رسالة ماجستیر، کلیة العلوم الاقتصادیة وعلوم التسییر والعلوم التجاریة، جامعة محمد بوضیاف المسیلة، ئامانجی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی گرنگترین ئەو هۆکارانەیە، کە کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران هەیە لە میدیادا، لەگەڵ چەندین ئامانجی خوازراو وەک براند وەک بابەتێکی کاریگەری ریکلام و دیاریکردنی کاردانەوەی بەکارهێنەران بەرانبەر بەم بژاردەیە، بە تێگەیشتن لە ڕەفتاری کڕینەکانیان بۆ براندەکە. توێژینەوەکە گەیشتە کۆمەڵێک ئەنجام، کە گرنگترینیان ئەمانەن: کۆمپانیا بەناوبانگەکان دلسۆزانە کاردەکەن بە مەبەستی پاراستنی ئەو بەکارهێنەرانەی دڵسۆزن بۆ براندەکە و پێناسەکردنی تایبەتمەندی بەرهەمی براندەکەیان. هەروەها براندەکە کاریگەری لەسەر بەکاربەر هەبووە، لە ڕێگەی هۆشیاری و هەڵوێستی بەرانبەر بە بەرهەمی براندەکە لە ڕووی کوالیتییەوە، ئەمەش بووەتە هۆی باشترکردنی وێنەی براندەکە و بەم شێوەیە سەرمایەیی کۆمپانیاکان زیاد دەکات.

**دووەم: لایەنی تیۆری**

## 1-2 چەمکی ڕەفتاری بەکاربەر:

مرۆڤ لە ژینگەیەکدا دەژی کە کاریگەری لەسەرهەیە و پێی کاریگەری دەبێت، هەروەها پێویستە خۆی لەگەڵ ئەم ژینگەیە بگونجێنێت، چونکە کاریگەری لەسەری دەبێت و لە ئەنجامدا چەند جۆرە چالاکییەکی جیاواز دروست دەبێت. لە پێناو تێرکردنی پێداویستییەکانی و گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕەنگە لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری مرۆڤ یەکێک بێت لە توێژینەوە گرنگەکان و ئەمەش وامان لێدەکات لە هەموو ئەم ڕەفتارانە تێبگەین, شیکاری بکەین و ڕوونی

بکەینەوە، وەک چۆن ڕەفتاری مرۆڤ بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت "زنجیرەیەکی یەک لە دوای یەکی کردار وکاردانەوەی مرۆڤە کە لە هەوڵە بەردەوامەکانیدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی و تێرکردنی ئارەزووەکانی ئەنجامی دەدات(عمار، 2012 :3).

بۆیە کێشەی سەرەکی بەکاربەر ئەوەیە چۆن بتوانێ زۆرترین پێداویستیەکانی پڕبکاتەوە یان تێریان بکات لە کاڵا وخزمەتگوزاری و سوودیان لێ ببینێت بەو داهاتە سنووردارەی کە لە ژێر دەستی دایە، لە چوارچێوەی ئەو نرخەی هەیە لە بازاڕ(انور، 2010 :47).

هەروەها پێش ئەوەی پێناسەی ڕەفتاری بەکاربەر بکەین، پێویستە چەمکی (سوود) بزانین لە ڕووی ئابووریەوە, مانای سوود (کەڵک): بریتییە لە توانایی شتێک بۆ تێکردنی پێداویستیەک، گرینگ لێرەدا ئەوەیە ئەم شتە توانایی تێکردنی هەبێت بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئایا ئەم شمەکە لە لایەنی (ڕەوشت و تەندروستی) یەوە لەگەڵی دەگونجێت یاخوود نا، لێرەدا تەنها ئەوە گرنگە کە ئەم شتە (سوود) دروست بکات، بۆ نموونە، (جگەرە) لە لایەنی تەندروستی گونجاو نیە، بەڵام جگەرە سیفاتی شمەکی وەرگرتووە، چونکە پێداویستیەک پڕ دەکاتەوە بۆیە بە (سوود) دادەنرێت (المفسلي،2019–2020 :12).

هەروەها چەندین پێناسەی جیاواز هەیە سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری بەکاربەر، یەکێک لەوانە دەڵێ : "ئەو ڕەفتارەیە کە بەکاربەر لە توێژینەوەدا نیشانی دەدات سەبارەت بە کڕین یان بەکارهێنانی بەرهەم، بیرۆکە یان ئەزموونەکان، کە چاوەڕێی ئەوە دەکات ئارەزووەکانی تێر بکات و پێداویستییەکانی دابین بکات(راضية،2009 :3)، یەکێکی تر لە پێناسەکان زاناي ئابووري (أنجل) دەیکات و دەڵێت: (بریتیە لە کردار وڕەفتاری ڕاستەخۆی تاکەکان بۆ بەدەستهێنانی بەرهەم ودواتر بڕیاردانی کڕین لەخۆ دەگرێت (رحماني، 2023 :71)، هەروەها دەتوانین پێناسەی بکەین بەوەی کە بریتیە لە هەموو ئەو کردار و ڕەفتارانەی بەکاربەر پێی هەڵدەستێ لە پێش و لە کاتی بڕیاردانی کڕینی کاڵایەک (عبدالأغا، 2017 :32).

لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ڕەفتاری بەکاربەر لە دوو زاراوەی سەرەکی پێک دێت ئەوانیش، ڕەفتار و بەکاربەرن:

1- ڕەفتار: بریتییە لەو چالاکیەی کە لە کائینەکی زیندوو دەردەچێ کاتێک لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر کارلێک دەکات، ودیاردەیەکی سروشتیە بۆ تاک بۆ دەستەبەرکردنی مانەوە وبەردەوامی وپڕکردنەوەی پێداویستیەکانی (الحسن وعمر، 2019: 277).

2- چەمکی بەکاربەر: بریتییە لە تاکێک یان کەسێک کە هەڵدەستێ بە کڕینی کاڵا وخزمەتگوزاری، بۆ بەکارهێنانی کەسی خۆی( کڕینی کاتژمێر بۆ خۆی) یان بەکاربردنی خێزانی (کڕینی نان بۆ خێزان).....هتد(دليلة، 2023 :8). بەڵام بەکاربردن بریتییە لە بەکارهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری بەمەبەستی بەدەستهێنانی سوود (محمد عبدالله، 2023: 87).

هەروەها وشەی بەکاربەر بەزۆری بۆ وەسفکردنی دوو جۆر بەکاربەر بەکاردێت ئەوانیش(سعاد، 2023 :19-22):

أ/ بەکارهێنەری تاکەکەسی: ئەو کەسەیە کە کاڵایەک یان خزمەتگوزارییەک بۆ بەکارهێنانی کەسی یان بۆ بەکارهێنانی ئەندامێکی خێزانەکەی دەکڕێت.

ب/ بەکارهێنەری ڕێکخراوەکە: ئایا تاکەکەس لەناو ڕێکخراوێکدا بەرپرسیارە لە کڕینی کەرەستەی خاو یان ئامێرەکان بە مەبەستی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکە.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ڕەفتاری بەکاربەر لقێکی جیاوازە لە بەبازاڕخستن و پەیوەستە بە زانستی کۆمەڵایەتی و زۆر پسپۆڕی لەخۆ دەگرێ و تێکەڵەیەکە لە دەروونناسی و کۆمەڵایەتی و بەبازاڕخستن و ئابووری و بەتایبەت ئابووری ڕەفتاری ( حمودة والمتولي، 2024 :781).

## 2-2 تیۆری ڕەفتاری بەکاربەر :

چەندین تیۆر شیکردنەوەیان بۆ ڕەفتاری بەکاربەر کردوە لە گرنگترین ئەو تیۆرانە تیۆری سوود (کەڵک) وتیۆری چەماوەکانی یەکسانین (منحنيات السواء)، دەتوانین هەر یەکەیان بەجودا ڕوونبکەینەوە:

أ/ تیۆری سوود (کەڵک): ئەم تیۆرە گریمانی ئەوە دەکات ئەو سوودەی بەکاربەر لە بەکارهێنانی کاڵایەک یان خزمەتگوزاریەک دەستی دەکەوێت دەتوانرێ پێوانەی بڕی بکرێت و بە ژمارە ئاماژەی پێ بکرێت، بۆیە ناونراوە بە تیۆری سوودی بڕی یان ژمارەیی، هەروەها بەکاربەر کەسێکی ژیرە.....هتد، ئەم تیۆرە دوای پەرتووکەکەی مارشاڵ بەناوی (بنەماکانی ئابووری) بوو بە تیۆرێکی گشتی و پەسندکراو، بۆ تێگەیشتن لەم تیۆرە پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان سوودی سنوورەکی و سوودی گشتی، (بۆ نموونە خواردنی چوار پرتەقاڵ لەلایەن بەکاربەرێک سوودی گشتی، بەڵام سوودی سنوورەکی بریتییە لە زیادبوونی سوودی گشتی لە ئەنجامی خواردنی یەک پرتەقاڵی زیاتر)، هەروەها ئەم تیرە جەخت لەوە دەکاتەوە لەگەڵ بەکارهێنانی هەر یەکەیەکی زیاتر سوودی گشتی زیاد دەکات، بەڵام بە تێکڕاییەکی کەمبووەوە، واتە سوودی پرتەقاڵی دووەم لە هی یەکەم کەمترە و هی سێیەم لە هی دووەم کەمترە تا دەگەینە ئاستێک بەکارهێنانی زیاتر سوودی نامێنێت و بەردەوامبوون لە بەکارهینانی یەکەی زیاتر زیانبەخش دەبێت ( بخاری ، 2024 : 60).

ب/ تیۆری چەماوەکانی یەکسانی: ئەم بیردۆزە جەختی لەوە کردەو،ە کە سوود پیوانەی بڕی ناکرێت و ناتوانرێ بە ژمارە ئاماژەی پێ بکرێت، بەڵکو دەتوانرێ پلەبەندی بکرێت و دەتوانین بڵێین ئەم کاڵایە ئاستی تێرکردنی بەرزتر یان نزمترە، هەروەها گریمانی ئەوە دەکات بەکاربەر هەوڵدەدات بە بەکارهێنانی کەمترین کاڵا زۆرترین پڕکردنەوەی پێویستیەکانی بەدەست بهێنێت بەو داهاتەی کە هەیەتی، ئەم تیۆرە لە سێ قۆناغ پێک دێت" قۆناغی یەکەم زانینی هەڵبژاردنەکانی بەکاربەرە لە ماوەی چەماوەکانی یەکسانی و قۆناغی دووەم زانینی بەربەستەکانی بەردەم بەکاربەرە وەکو (نرخ ، بودجە)، و قۆناغی سێیەم بریتییە لە دیاریکردنی بڕی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان، کە بەکاربەر دیاریان دەکات بۆ کڕین کە بە بۆچوونی خۆی زۆرترین کەڵک بەدەست دەهێنێ (لە ئەنتەرنێت،2025، پێگە: https://elearning.univ-msila.dz).

**2-3 هۆکارە کاریگەرەکانی سەر ڕەفتاری بەکاربەر:**

ئەو هۆکارە سەرەکیانەی کە کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر هەیە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوە ڕوونبکەینەوە:

**1**.هۆکاری دەروونی: چوار هۆکاری دەروونی هەن کە کاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوتی بەکاربەر هەیە: هاندان، تێگەیشتن، فێربوون، هەڵوێست وکەسایەتی، کە لەخوارەوە ڕوونیان دەکەینەوە:

– هاندان: هاندان هۆکارە لەدوای ڕەفتارە و گۆراوێکی ناوەندە لە نێوان پاڵنەر ووەڵامدانە و کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری بەکاربەر و هاندان هۆکارە بۆ کەمکردنەوەی دڵڕاوکێ وبەدەستهێنانی ڕەزامەندی.

– تێگەیشتن: بەڕێوەبەری بازاڕخستن گرنگی دەدات بە کرداری تێگەیشتن (الادراک)، چونکە تێگەیشتن دەبێتە هۆی بیرکردنەوە و بیرکردنەوەش دەبێتە کردار.

– فێربوون: لە زانستی ڕەفتاردا، فێربوون واتە ڕوودانی گۆڕانکاری ڕەفتار لە ئەنجامی بەدەستهێنانی ئەزموون، ڕەفتاری بەکاربەر پرۆسەیەکی فێربوونە بەپێی ئەزموونی ڕابردووی کڕیار و ئەو ئامانجانەی کە دایناوە گۆڕانی بەسەر دێت .

– هەڵوێست: پێگەیەکی ناوەندی لە توێژینەوەکانی ڕەفتاری بەکاربەر داگیردەکات، پێوانەکردنی هەڵوێست یارمەتیدەرە لە تێگەیشتن و پێشبینیکردنی ڕەفتاری بەکاربەر، کاتێک شتێک پێشکەش بە بەکاربەر دەکرێ، هەڵوێست ئارەزووی ڕەفتارکردنە بەشێوەیەکی تایبەت لەلایەن کەسەکان (لە ئەنتەرنێت،2025، پێگە: https://www.bing.com).

**2**.هۆکاری کەسی: تایبەتمەندییە کەسییەکان بریتین لە تەمەن، ڕەگەز، سەرکێشی، بەرپرسیارەتی، خۆویستی، کەسایەتی، شێوازی ژیان، پیشە، کولتوور وشوێن زۆربەی ئەو تایبەتمەندیانە لەماوەی ژیان دەگۆڕێن. ڕەنگە کەسێک کە باری دارایی باشە جیاواز لە کەسێک کە باری دارایی خراپە بازاڕ بکات، هەروەها تەمەن کاریگەری هەیە ، وکڕینی جل وبەرگ و ئۆتۆمبێل بەندە بەو بەکاربەرانەی کەسایەتیەکی سەرکێشیان هەیە و ئەو بەرهەمانە دەکڕن کە نوێن، بۆیە پێویستە ئەوکەسانەی پرۆسەی ڕیکلام دەکەن ڕەچاوی کەسایەتی بەکاربەران بکەن ( Roy and Datta,2022 :212).

**3.**هۆکاری رۆشنبیری دابونەریت: ئەو کولتوور و پەروەردەیەی کە کەسێک وەریدەگرێت کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکانی هەیە لەڕووی خۆراک، جلوبەرگ و کەرەستەی کەسییەوە، هەندێک کەس هەندێک جۆری خۆراک ناکڕن، چونکە کولتوور یان ئایینەکەیان ڕێگەیان پێ نادات، هەندێک سنووردارکردن بەسەر خۆراکدا دەسەپێنن کە ڕاهاتوون لە ڕێگەی ئەو کولتوورەی کە تێیدا گەورە بوون(الحیاری، 2018 :1).

**4.**هۆکاری کۆمەڵایەتی: بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر بازاڕکردن وەک هاوڕێ، خێزان، کۆمەڵگە، کۆمەڵگەی کار و قوتابخانە یان ئەو گروپانە دەگرێتەوە کە پەیوەندییان پێوە دەکات وەک گروپێکی خولیا. هەروەها چینایەتی کۆمەڵایەتی، بارودۆخی ژیان و پەروەردە. بەکاربەرێک کە لە کۆمپانیایەکی پێشکەوتوودایە کە ستایلێکی دیاریکراوی هەیە، لەوانەیە بەدوای کاڵا وخزمەتگوزاری هاوشێوەدا بگەڕێت بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوتەمەنەکانیدا بگونجێت(سعاد، 2023 :19-22).

### 4-2 ڕێکلام و ڕەفتاری بەکاربەر:

ئەو کەسانەی کاری بەبازاڕکردن ئەنجامدەدەن، هەوڵ بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەکاربەر دەدەن، تایبەت سەرنجی ئەوانەی ئارەزووی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانیان هەیە، بەمەرجێک توانای کڕینیان هەبێت، کە پەیوەستە بە بەهای ئەو کاڵایە، بەڵام پرسیاری گرینگ لێرەدا ئەوەیە: چۆن وا بکەی پێداویستی بەکاربەر تێربکەی؟ بۆ نموونە، ئەوانەی کاری بەبازاڕکردن دەکەن چۆن دەزانن کە کام کەلوپەل یان خزمەتگوزاری پێداویستیەکانیان تێر دەکات؟ بە جۆرێکتر ئەو کردارە گرینگانەی کە یاریدەدەرە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی کار لە بازاڕدا کامانەن؟(انور، 2020 :820).

### 5-2 ڕیکلام:

یەکێکە لە چالاکیە سەرەکیەکان بۆ بەبازاڕخستنی کاڵا و خزمەتگوزاری لە سەردەمی نوێ، پێکهاتەیەکی خێرایە بۆ پڕکردنەوەی کاڵا و خزمەتگوزاری بە کەمترین تێکۆشان و بە کەمترین کات، لەمڕووەوە ئەو کەسانەی بەکاری بەبازاڕکردن هەڵدەستن، ماوەی گرنگی ڕیکلام بەباشی دەزانن و درکی پێدەکەن، بۆ دیاریکردنی ناوەندی کێبڕکێی کاڵاکان لە بازاڕ و ڕاکێشانی سەرنجی بەکاربەران، هەروها کاریگەری لەسەر تێچوون و دەستهاتی کاڵاکانیش هەیە (هیبە،2012 :189).

### 6-2 جۆرەکانی ڕیکلام:

ڕیکلام بەپێی ئامانجەکانی دەکرێت بەم جۆرانەی خوارەوە(أنور،2020 :815-816):

3-ڕیکلامی فێرکردن (تعلیمي): ئاماجی ئەم جۆرە ناساندنی بەرهەم،چۆنیەتی بەکارهێنان، خستەڕووی تایبەتمەندیەکان و چاککردنەوەیەتی بە بەکاربەر.

2-ڕ یکلامی ڕێنوێنی (ارشادي): ئامانجی ئەم جۆرە باسکردنی شوێنی کاڵا، خزمەتگوزاری و نرخەکەیەتی بۆ بەکاربەران.

3- ڕیکلامی بیرهێنانەوە (تذكيري): ئامانجی بەبیرهێنانەی کاڵا و خزمەتگوزاریە بە بەکاربەر.

### 7-2 تیۆری پشت بەستان بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن:

ئەم تیۆرە لەلایەن (ملفیر دیفلیر و ساندرا بول ) خراوەتەڕوو، ناوەڕۆکی تیۆرەکە گریمانی ئەوە دەکات کە هەرچەندە کەسەکان بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانیان پشت بە بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ببەستن، ئەوا گرنگی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە ژیانی کەسەکان زیاد دەکات، وبۆیە لێرەدا پەیوەندی هەیە لە نێوان قەبارەی پشتبەستانی گشتی و پلەی کاریگەری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، هەروەها گریمانی ئەوە دەکات سیستەمی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەشێکی گرنگە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بۆ کامەڵگا مۆدێرنەکان، و ئەم سیستەمە پەیوەندی بە تاکەکان، کۆمەڵەکان، ڕێکخراوەکان و سیستەمی کۆمەڵاتی تر هەیە (علوان، 2019 :351).

### 8-2 کاریگەری ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر:

لەگەڵ پێشکەوتنی کەرتی ئابووری لەسەرانسەری جیهان، بەرزبوونەوەی تێکرای بەرهەمداری، بەرهەم، بەهێزبوونی کێبڕکێ لە نێوان بەرهەمهێنەران و لە بەرانبەردا بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی و توانای کڕین لە زۆربەی وڵاتانی دونیا، باشترین ڕێگا بۆ ناساندنی کاڵا وخزمەتگوزاریەکان بۆتە ڕیکلام لەسەردەمی ئێستادا، بۆیە ڕیکلام بۆتە پێویستیەک لە پێویستیە بنەڕەتیەکانی ژیانی ئابووری، بۆ ڕازیکردنی بەکاربەران تا بڕیاری کڕینی ئەو کاڵا و خزمەتگوزاریانە بدەن کە ڕیکلامی بۆ کراوە ( غوجل، 2015 :33).

لەم سەردەمە کێبڕکێ لە نێوان کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی کاڵا وخزمەتگوزاری چڕبۆتەوە، کاریگەری کردۆتە سەر ئاڵۆزکردنی ڕەفتاری کڕینی بەکاربەران، چونکە بەکاربەران دەبێت بڕیاری کڕین بدەن لەنێوان کۆمەڵێک کاڵای لێکچوو، بۆیە کۆمپانیاکان ناچارن زۆربەی هۆکارەکانی برەودان (ترویج) بگرنەبەر، بۆئەوەی بتوانن پەیوەندی کاریگەر ببەستن لەگەڵ بەکاربەران و ببێتە پاڵنەر بۆئەوەی بڕیاری کڕینی کاڵاکانیان بدەن (انور،2020 :866).

هەروەها خاوەنی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان لەگەڵ خەرجکردنی پارەیەکی زۆر بۆ ڕیکلامکردن، کەچی ڕووبەڕووی بەربەستی گەورە دەبنەوە لەبەرانبەر کاریگەری دروستکردن لەسەر بڕیاری بەکاربەران بە ئاراستەی ئەرێنی بۆ کاڵا وخزمەتگوزاریەکانیان، لەمڕووەشەوە ئامانجی کۆتاییش کاریگەری دروست کردنە لەسەر بڕیاری بەکاربەران، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن بەرهەمەکان دەزانن بڕیاری کڕین ئەنجامی کۆتاییە بۆ کردارێکی دوورودرێژ لە بڕیاردانی بەکاربەر، بۆ کڕین کە کردارێکی ئاڵۆزە(Ingavale,2013 :1). بۆیە یەکێک لە تیۆرە دیارەکان، پرۆسەی بڕیاردانی بەکاربەرە و لە پێنج قۆناغ پێکهاتووە کە ئەمانەن: ناسینەوەی کێشەکە، گەڕان بەدوای زانیاری، هەڵسەنگاندنی جێگرەوەکان، بڕیاری کڕین و هەڵسەنگاندنی دوای کڕین (Soti,2022 :708).

هەروەها دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین کاریگەری ڕیکلام زیاتر لەسەر ئەو بەرهەمانە دەبێت کە تازەن لە بازاڕ و بەکاربەران ئەو بەرهەمانە هەڵدەبژێرن کە ڕیکلامی بۆکراوە، چونکە سروشتی ماددی مرۆڤ پەیوەستە بە ڕیکلام و ڕیکلام سروشتی ماددی بەکاربەر زیاد دەکات، بۆیە هەندێک کەس باوەڕیان وایە ڕیکلام ناچاریان دەکات بۆ ئەوەی کاڵا و خزمەتگوزاریەکی باش بەدەست بهێنن(Fan,2022 :2694-2695).

**سێیەم: لایەنی کرداری توێژینەوە**

**3-1هەڵسەنگاندنی ڕاستی و جێگیری فۆرمی ڕاپرسی:**

ئەم پرسیارنامەیە لەلایەن کۆمەڵێک توێژەری بواری ئابووری ئامادەکراوە و دابەشکراوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتای پەیوست بە بابەتی لێکۆلینەوە، بۆ جەختکردنەوە لە ڕاستی و جێگیری پێوانەی بەکارهاتوو هاوکۆلکەی ( کرونباخ ألفا ) بەکارهاتووە، هەروەها بۆ جەختکردنەوە لە پەیوەست بوون و یەکگرتوویی برگەکان هەروەک لەم خشتەی خوارەوە خراوەتە ڕوو :

**خشتەی (1) هەڵسەنگاندن (اختبار)ی کرونباخ ألفا بۆ پێوانی هاوکۆلکەی ڕاستی و جێگیری ڕاپرسی**

| تەوەر | ژمارەی برگەکان | ألفا کرونباخ | هاوکۆلکەی لەگەڵ بوون |
| --- | --- | --- | --- |
| ڕیکلام ڕۆڵی هەیە لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر | 18 | 0.813 | 0.902 |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشتبەستن بە زانیارییە سەرەتاییەکانی فۆرمی ڕاپرسی.

لە ڕێگای خشتەی (2) بەدیار دەکەوێت کەوا هاوکۆلکەی جێگیری کرونباخ ئەلفا وراستی فۆرمی ڕاپرسی بۆ هەموو دەستەواژەکانی تەوەری فۆرمی ڕاپرسی بۆ ئامرازی پێوانەکردن بەرزە لە جێگیری و ڕاستی لەبەرئەوەی گەورەترە لە 60%، هەروەها سەبارەت بە (هاوکۆلکەی کرونباخ ئەلفا) کە گەورەترە لە 80% سەبارەت بە (هاوکۆلکەی ڕاستی) وئەمەش مانای ئەوەیە کەوا هاوشێوەبوونی ناوەخۆیی بۆ وەڵامەکانی دەستەواژەکانی تەوەری فۆرمی ڕاپرسی هەیە.

**2-3 تایبەتمەندییە کەسییەکانی بەکاربەران:** لێرەدا توێژینەوە ئەنجامەکانی تایبەت بە تایبەتمەندییە کەسییەکانی کاریگەری ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر (سەرۆک خێزان) لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران شیدەکاتەوە هەروەک لە خوارەوە هاتووە:

**خشتەی (2) ڕۆلی ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر (سەرۆک خێزان) بەگوێرەی ڕەگەز**

| گۆڕاو | ڕەگەز | | | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕیکلام ڕۆلی هەیە لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر | نێر | | مێ | | | |
| | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) |
| بەڵێ | 152 | 83.06 | 127 | 76.05 | 279 | 79.71 |
| نەخێر | 31 | 16.94 | 40 | 23.95 | 71 | 20.29 |
| کۆ | 183 | 100 | 167 | 100 | 350 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشتبەستن بە زانیارییە سەرەتاییەکانی فۆڕمی ڕاپرسی

لە خشتەی (3) دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا ڕەگەزی نێر زیاتر لە ڕەگەزی مێ دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕیکلام بەو پێیەی کەوا ڕێژەی بەڵێ لە ڕەگەزی نێردا (83.06%)ە، بەڵام لە ڕەگەزی مێدا (76.05%)ە، و بەشێوەیەکی گشتی لە کۆی (350) بەکاربەر بە هەردوو ڕەگەزەوە (279)یان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ڕیکلام، کە ڕێژەکەی دەکاتە (79.71%)، بەڵام ئەوانەی نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەری ڕیکلام ژمارەیان (71) بەکاربەرە بە ڕێژەی (20.29%)، هۆیەکەشی بۆ کەم بەکاهێنانی تۆرە کۆمەلایەتیەکان لەلایەن ئافرەتانی دەرەوەی شار لە بەڕێوەبەرایەتی سۆران دەگەڕێتەوە

**خشتەی (3) ڕۆلی ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر(سەرۆک خێزان) بەگوێرەی تەمەن**

| گۆڕاو | تەمەن بە ساڵ | | | | | | | | | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕیکلام ڕۆلی هەیە لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر | 20 ساڵ و کەمتر | | 30-21 | | 40-31 | | 50-41 | | 51 و زیاتر | | | |
| | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) |
| بەڵێ | 52 | 78.79 | 132 | 79.04 | 70 | 79.55 | 23 | 85.19 | 2 | 100 | 279 | 79.71 |
| نەخێر | 14 | 21.21 | 35 | 20.96 | 18 | 20.45 | 4 | 14.81 | 0 | 0 | 71 | 20.29 |
| کۆ | 66 | 100 | 167 | 100 | 88 | 100 | 27 | 100 | 2 | 100 | 350 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشتبەستن بە زانیارییە سەرەتاییەکانی فۆڕمی ڕاپرسی

لە خشتەی (4) دا بەدیار دەکەوێت کەوا پەیوەندیەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان بەسەرچوونی تەمەن و کەوتنە ژێر کاریگەری ڕیکلام، بەواتای هەرچەندە تەمەنی بەکاربەرەکان زیادیکردووە ڕێژەی بەڵێش لە ڕۆلی ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر لەگەلی زیادیکردووە. تێبینی دەکەین کەوا زۆرترین ڕێژەی بەڵێ لە تەمەنی سەرووی (50) ساڵە کە ڕێژەکەی (100%) و کەمترین ڕێژەش لە تەمەنی (20) ساڵ و کەمتر دایە، کە ڕێژەکەی (78.79%)ە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە هەموو تەمەنەکان ڕێژەکە بەرزە.

**خشتەی (4) ڕۆڵی ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر بەگوێرەی باری خێزانداری**

| گۆڕاو | باری خێزانداری | | | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕیکلام ڕۆڵی هەیە لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر | سەڵت | | خێزاندار | | | |
| | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) |
| بەڵێ | 149 | 76.41 | 130 | 83.79 | 279 | 79.71 |
| نەخێر | 46 | 23.59 | 25 | 16.13 | 71 | 20.29 |
| **کۆ** | **195** | **%100** | **155** | **%100** | **350** | **%100** |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشتبەستن بە زانیارییە سەرەتاییەکانی فۆرمی ڕاپرسی.

لە خشتەی (7) دا بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە ئەو بەکاربەرانەی کەوا ژیانی هاوژینیان پێکهێناوە زیاتر دەکەونە ژێر کاریگەری ڕیکلام لەو بەکاربەرانەی کەوا ژیانی هاوژینیان پێکنەهێناوە، بەو پێیەی کە ڕێژەی بەڵێ لە خێزاندارردا (83.79%)ە، بەڵام لە سەڵتدا (76.41%)ە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا کاتێک یەکێک لە هاوسەران دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕیکلام ئەوا هاوسەرەکەشی لەگەڵی دەکەوێتە ژێر ئەو کاریگەریە، بەتایبەتی لە کاڵا و پێداویستی منداڵان، کەل و پەلی ناوماڵ و جوانکاری.

**خشتەی (5) ڕۆڵی ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر بەگوێرەی شوێنی نیشتەجێبوون**

| گۆڕاو | شوێنی نیشتەجێبوون | | | | | | | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕیکلام ڕۆڵی هەیە لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر | گوند | | ناحیە | | قەزا | | ئیدارەی سەربەخۆ | | | |
| | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) |
| بەڵێ | 69 | 77.53 | 43 | 78.18 | 34 | 79.07 | 133 | 81.60 | 279 | 79.71 |
| نەخێر | 20 | 22.47 | 12 | 21.82 | 9 | 20.93 | 30 | 18.40 | 71 | 20.29 |
| **کۆ** | **89** | **100** | **55** | **100** | **43** | **100** | **163** | **100** | **350** | **100** |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشتبەستن بە زانیارییە سەرەتاییەکانی فۆرمی ڕاپرسی

لە خشتەی ژمارە(8)دا دیارە کە پەیوەندیەکی ڕاستەوانە لەنێوان بەرەوپێشچوونی شوێنی نیشتەجێبوون لەڕووی کارگێڕییەوە و ڕۆڵی ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری بەکاربەرەکاندا هەیە، واتە هەرچەندە شوێنی نیشتەجێبوون سەرووترە ڕۆڵی ڕیکلام زیاترە، وە بەپێچەوانەشەوە ڕاستە. وەک دیارە کەوا دانیشتوانی گوند کەمترین کەوتنە ژێر کاریگەری ڕیکلامیان هەیە کە ڕێژەکەی (77.53%)ە، هۆکارەکەشی بۆ دوورە دەستیان لەبازاڕ دەگەڕێتەوە، بەڵام دانیشتووانی ناو بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆی سۆران زۆرترین کەوتنە ژێر کاریگەری ڕیکلامیان لەسەرە، کە ڕێژەکەی (81.60%)ە.

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە خەڵک هەرچەند زیاتر لە سەنتەری بەڕێوەبەرایەتییەکە نزیکتر بێت، زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕیکلام بەتایبەت ڕیکلامی ڕووبەڕوو(مەیدانی)، ئەوانەی کە لەڕێگەی پۆستەر، کارت و زارەکی ئەنجامدەدرێن.

**خشتەی (6) ڕۆڵی ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر بەگوێرەی جۆری پیشە**

| گۆڕاو | جۆری پیشە | | | | | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕیکلام ڕۆڵی هەیە لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر | کاری ئازاد | | فەرمانبەر لە کەرتی حکومی | | فەرمانبەر لە کەرتی تایبەت | | | |
| | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) |
| بەڵێ | 117 | 76.47 | 127 | 80.38 | 35 | 89.74 | 279 | 79.71 |
| نەخێر | 36 | 23.53 | 31 | 19.62 | 4 | 10.26 | 71 | 20.29 |
| **کۆ** | **153** | **100** | **158** | **100** | **39** | **100** | **350** | **100** |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشتبەستن بە زانیارییە سەرەتاییەکانی فۆڕمی ڕاپرسی

لە خشتەی (6) دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا ئەو بەکاربەرانەی کاری ئازاد دەکەن کەمتر دەکەونە ژێر کاریگەری ڕیکلام، بەهۆی ئەوەی کەوا زۆرترین بەرکەوتەیان هەیە لەگەڵ بازاڕدا، کە ڕێژەکەیان (76.47%)ە، و هەریەکە لە فەرمانبەرانی کەرتی حکومی و فەرمانبەرانی کەرتی تایبەت زیاتر دەکەونە ژێر کاریگەری ڕیکلام کە ڕێژەکەیان (80.38%) و (89.74%)ە بەدوای یەکتر.

**خشتەی (7) ڕۆڵی ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر بەگوێرەی ئاستی خوێندن**

| گۆڕاو | ئاستی خوێندن | | | | | | | | | | | | | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕیکلام ڕۆڵی هەیە لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر | خوێندنەوەو نووسین | | سەرەتایی | | ئامادەیی | | دبلۆم | | بەکالۆریۆس | | ماستەر | | دکتۆرا | | | |
| | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) |
| بەڵێ | 14 | 100 | 11 | 91.67 | 43 | 84.31 | 115 | 81.56 | 85 | 73.91 | 8 | 66.67 | 3 | 60 | 279 | 79.71 |
| نەخێر | 0 | 0 | 1 | 8.33 | 8 | 15.69 | 26 | 18.44 | 30 | 26.09 | 4 | 33.33 | 2 | 40 | 71 | 20.29 |
| **کۆ** | **14** | **100** | **12** | **100** | **51** | **100** | **141** | **100** | **115** | **100** | **12** | **100** | **5** | **100** | **350** | **100** |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشتبەستن بە زانیارییە سەرەتاییەکانی فۆڕمی ڕاپرسی

لە خشتەی (7) دا تێبینی ئەوە دەکەین کەوا پەیوەندیەکی پێچەوانە هەیە لەنێوان ئاستی خوێندەواری و کەوتنە ژێر کاریگەری ڕیکلام، بەو پێیەی هەرچەندە ئاستی خوێندەواری بەکاربەرەکان بەرەوپێش چووە ڕۆڵی ڕیکلام لەسەر بەکاربردنیان کەم بۆتەوە، وەک دەبینین کەوا ئەو بەکاربەرانەی بێ بڕوانامەن بەڕێژەی (100%) دەکەونە ژێر کاریگەری ڕیکلام، بەڵام ئەو بەکاربەرانەی کەوا خاوەن بڕوانامەی دکتۆران ڕیکلام کەمترین ڕۆڵی هەیە لەسەر بەکاربردنیان، کەوا ڕێژەکەی (60%) ە. هەرچی بڕوانامەکانی دیکەیە لە (سەرەتایی، ئامادەیی، دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر) دەکەونە نێوان ئەو دوو ڕێژەیە بە ڕێژەکانی (91.67%، 84.31%، 81.56%، 73.91%،66.67%)بەدوای یەکتر.

**خشتەی (8) ڕۆڵی ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر بەگوێرەی داهاتی بەکاربەر**

| گۆڕاو | داهاتی مانگانە (1000 دینار عراقی) | | | | | | | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕیکلام ڕۆڵی هەیە لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر | کەمتر لە 500 | | 500-999 | | 1000-1499 | | سەرووی 1500 | | | |
| | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) | ژمارە | ڕێژە (%) |
| بەڵێ | 96 | 78.69 | 123 | 79.35 | 47 | 79.66 | 13 | 92.86 | 279 | 79.71 |
| نەخێر | 26 | 21.31 | 32 | 20.65 | 12 | 20.34 | 1 | 7.14 | 71 | 20.29 |
| **کۆ** | **122** | **100** | **155** | **100** | **59** | **100** | **14** | **100** | **350** | **100** |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشتبەستن بە زانیارییە سەرەتاییەکان فۆڕمی ڕاپرسی

لە خشتەی (8) دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا پەیوەندیەکی ڕاستەوانە لەنێوان داهاتی بەکاربەر و ڕۆڵی ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری ئەو بەکاربەرە هەیە، هەرچەندە داهاتی بەکاربەر زیاد بکات کاریگەری ڕیکلامیش زیاد دەکات و بەپێچەوانەشەوە. ئەو بەکاربەرانەی کە داهاتیان کەمترە لە (500000) دیناری عێراقی، بەڕێژەی (78.69%) دەکەونە ژێر کاریگەری ڕیکلام، ئەو بەکاربەرانەشی کەوا داهاتیان سەرووی (1500000) دیناری عێراقیە، بەڕێژەی (92.86%) دەکەونە ژێر کاریگەری ڕیکلام و ئەو بەکاربەرانەی کەوا داهاتیان لەنێوان (500000-1500000) دیناری عێراقیە، ڕۆڵی ڕیکلام لەسەر ڕەفتاریان دەکەوێتە نێوان ئەو دوو ڕێژەیە.

### 3-2 بەکارهێنانی دەزگا وتۆڕەکانی ڕاگەیاندن بۆ ڕیکلام:

زۆربەی هەرە زۆری بەکاربەران تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام بەکاردەهێنن، هەروەک لە خشتەی (9) بەدیاردەکەوێت:

**خشتەی (9) دابەشبوونی نموونە (عەینە)ی لێکۆڵینەوە بەپێی جۆری ڕیکلامەکە**

| بژاردەکان | ژمارە | ڕێژە (%) |
|---|---|---|
| تەلەفزیۆن | 59 | 21.15 |
| فەیس بووک | 52 | 18.64 |
| ئینستگرام | 82 | 29.39 |
| تیک تۆک | 39 | 13.98 |
| ئەپەکانی تر | 47 | 16.84 |
| **کۆی گشتی** | **279** | **100** |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشتبەستن بە زانیارییە سەرەتاییەکانی فۆڕمی ڕاپرسی

لە خشتەی (9) دا تێبینی ئەوە دەکەین کەوا ڕۆڵی ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر لەڕێگای ئینستگرامەوە بۆ بژاردەکەمان بە پلەی یەکەم دێت، بە ڕێژەی (29.39%)، پاشان تەلەفزیۆن بە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (21.15%) و فەیس بووک بە پلەی سێیەم دێت، بەڕێژەی (18.64%) و دەزگا و ئەپەکانی تر بە پلەی چوارەم دێن، بەڕێژەی (16.84%) هەروەها تیک تۆک بە کۆتا پلە و بەڕێژەی (13.98%) دێت.

### 3- 4 شیکردنەوەی ڕۆڵی ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران

**خشتەی (10) ڕۆڵی ڕیکلام لەسەر بەکاربردنی کاڵا وخزمەتگوزاری لەلایەن بەکاربەرەکان لە ئیدارەی سۆران**

| دەستەواژەکان | ژمارە و ڕێژە | لەگەڵم | نازانم | لەگەڵ نیم | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕیکلام ڕۆلی هەیە لەسەر کڕینی پۆشاک | ژمارە | 295 | 19 | 36 | 2.74 | 0.632 |
| | ڕێژە (%) | 84.29 | 5.43 | 10.28 | | |
| ڕیکلام ڕۆلی هەیە لەسەر کڕینی کەل و پەلی ناوماڵ | ژمارە | 273 | 38 | 39 | 2.67 | 0.668 |
| | ڕێژە (%) | 78 | 10.86 | 11.14 | | |
| ڕیکلام ڕۆلی هەیە لەسەر کڕینی ماددە پاککەرەوەکان | ژمارە | 254 | 53 | 43 | 2.60 | 0.698 |
| | ڕێژە (%) | 72.57 | 15.14 | 12.29 | | |
| ڕیکلام ڕۆلی هەیە لەسەر کڕینی مۆبایل و ئایپاد و کۆمپیوتەر | ژمارە | 250 | 40 | 60 | 2.54 | 0.770 |
| | ڕێژە (%) | 71.43 | 11.43 | 17.14 | | |
| ڕیکلام ڕۆلی هەیە لەسەر کڕینی ئێکسسوارات | ژمارە | 248 | 52 | 50 | 2.57 | 0.730 |
| | ڕێژە (%) | 70.86 | 14.86 | 14.28 | | |
| ڕیکلام ڕۆلی هەیە لەسەر گۆڕان لە جۆری خواردن | ژمارە | 248 | 47 | 55 | 2.55 | 0.750 |
| | ڕێژە (%) | 70.86 | 13.43 | 15.71 | | |
| ڕیکلام ڕۆلی هەیە لەسەر کڕینی مەکیاجی ئافرەتان | ژمارە | 239 | 65 | 46 | 2.55 | 0.715 |
| | ڕێژە (%) | 68.29 | 18.57 | 13.14 | | |
| ڕیکلام ڕۆلی هەیە لەسەر چوون بۆ مارکێت و مۆڵەکان | ژمارە | 236 | 58 | 56 | 2.51 | 0.756 |
| | ڕێژە (%) | 67.43 | 16.57 | 16 | | |
| ڕیکلام ڕۆلی هەیە لەسەر کڕینی بۆیە و شامپۆی ڕەنگکردنی قژ | ژمارە | 235 | 61 | 54 | 2.52 | 0.748 |
| | ڕێژە (%) | 67.14 | 17.43 | 15.43 | | |
| ڕیکلام ڕۆلی هەیە لەسەر کڕینی دەرمان و کرێمی جوانکاری | ژمارە | 235 | 47 | 68 | 2.48 | 0.800 |
| | ڕێژە (%) | 67.14 | 13.43 | 19.43 | | |
| ڕیکلام ڕۆلی هەیە لەسەر بەکارهێنانی تۆڕەکانی پەیوەندیکردن و خزمەتگوزاری ئینتەرنێت | ژمارە | 220 | 65 | 65 | 2.44 | 0.787 |
| | ڕێژە (%) | 62.86 | 18.57 | 18.57 | | |
| ڕیکلام ڕۆلی هەیە لەسەر گۆڕان لە بڕی خواردن | ژمارە | 218 | 57 | 75 | 2.41 | 0.820 |
| | ڕێژە (%) | 62.29 | 16.28 | 21.43 | | |
| ئارەزوو بۆ کڕینی کاڵا و خزمەتگوزاری کار لە بەکاربەر دەکات بۆ کڕینیان لەژێر کاریگەری ڕیکلام | ژمارە | 210 | 86 | 54 | 2.45 | 0.746 |
| | ڕێژە (%) | 60 | 24.57 | 15.43 | | |
| پێویستی بۆ کاڵا و خزمەتگوزاری کار لە بەکاربەر دەکات بۆ کڕینی پێداویستیەکانی لەژێر کاریگەری ڕیکلام | ژمارە | 207 | 77 | 66 | 2.40 | 0.787 |
| | ڕێژە (%) | 59.14 | 22 | 18.86 | | |
| ڕیکلام ڕۆلی هەیە لەسەر چوون بۆ شاری یاریەکان | ژمارە | 203 | 72 | 75 | 2.37 | 0.814 |
| | ڕێژە (%) | 58 | 20.57 | 21.43 | | |
| ڕیکلام ڕۆلی هەیە لەسەر کڕینی شیر و داپێی منداڵان | ژمارە | 188 | 78 | 84 | 2.30 | 0.831 |
| | ڕێژە (%) | 53.71 | 22.29 | 24 | | |
| ڕیکلام ڕۆلی هەیە لەسەر کڕینی یاریەکانی منداڵان | ژمارە | 187 | 80 | 83 | 2.30 | 0.828 |
| | ڕێژە (%) | 53.43 | 22.86 | 23.71 | | |
| کوالێتی کاڵاکە یاخود خزمەتگوزاریەکە گونجاوە لەگەڵ ئەو ڕیکلامەی کە بۆی دەکرێت | ژمارە | 131 | 95 | 124 | 2.02 | 0.855 |
| | ڕێژە (%) | 37.43 | 27.14 | 35.43 | | |
| **تێکڕا** | **ژمارە** | **244** | **93** | **13** | **2.47** | **0.748** |
| | **ڕێژە (%)** | **69.71** | **26.57** | **3.72** | | |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشتبەستن بە زانیارییە سەرەتاییەکان فۆرمی ڕاپرسی

هەروەک لە خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە پرسیارەکانی ڕاپرسیەکە لە (18) بڕگە پێک دێت و زۆربەی بەکاربەران لەگەڵ ئەوەدان کەوا ڕیکلام کاریگەری هەیە لەسەر بڕیاردانی کڕینیان بۆ جۆرە جیاوازەکانی کاڵا وخزمەتگوزاری، هەروەک هاتووە (69.71%)ی بەکاربەران لەگەڵ ئەوەدان تا ڕادەیەکی زۆر ڕیکلام کاریگەری هەیە لەسەر بەکاربردنی کاڵا و خزمەتگوزاری لە بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆی سۆران، تەنها (3.72%)ی بەکاربەران لەگەڵ ئەوە نین، کە ڕیکلام کاریگەری هەیە لەسەر بەکاربردنی شمەک لە بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆی

سۆران، هەروەها تەنها (26.57%)ی بەکاربەران نازانن، کە ڕیکلام کاریگەری هەیە لەسەر بەکاربردنی شمەک لە بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆی سۆران.

تەنها چەند برگەیەک نەبێت کە بە نازانم وەڵامی زۆربەی بەکاربەران بووە ئەوانیش هەریەکە لە شیر و دایبی منداڵان و یاریەکانی منداڵانن ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خودی کڕیاران بەکاربەران نین و بەڵکو بۆ منداڵەکانیان دەکڕن هەروەها کڕینی کاڵا بۆ منداڵ بۆتە شتێکی ناچاری لە زۆربەی زۆری دایک و باوکان و برگەی کۆتاییش تایبەتە بەوەی کە ئایا کوالیتی کاڵاکە یاخود خزمەتگوزاریەکە گونجاوە لەگەڵ ئەو ڕیکلامەی کە بۆی دەکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی شارەزایی لەلایەن کڕیاران سەبارەت بە کوالیتی کاڵاکان و چۆنیەتی ڕیکلامەکان.

بەشێوەیەکی گشتی، ڕیکلام کاریگەری هەیە لەسەر بەکاربردنی کاڵا وخزمەتگوزاری لە بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆی سۆران، بەوپێیەی کە ناوەندە هەژمارییەکەی دەگاتە (2.47) و زیاترە لە (2) بە لادانی پێوەریی (0.748). ئەم ئەنجامانە ئاماژەی ئەوەن کە ڕیکلام ئامرازێکی گرنگە بۆ ناساندن و فرۆشتنی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان و کاریگەری لەسەر بەکاربەران.

بەگوێرەی ئەو دەرئەنجامەی لە ئەنجامی لێکۆلینەوەکە بەدەستمانهێناون، دانیشتوانی ناوچەکە بەشێوەیەکی گشتی وابەستەی ڕیکلام و کرینی کاڵا و خزمەتگوزاریەکانن لەرێگای کرینی ئەلیکترۆنی (ئۆنلاین).

**چوارەم: دەرئەنجام و پێشنیارەکان:** دوای کۆکردنەوە وشیکردنەوەی داتاکان، توێژینەوەکە بە ژمارەیەک دەرئەنجام گەیشت، کە ئەمانەی خوارەوە گرنگترین دەرئەنجامەکانن:

### 1. دەرئەنجامەکان:

- کاریگەری ڕیکلام: زۆربەی بەکاربەرانی ناو توێژینەوە باوەڕیان وایە کە ڕیکلام کاریگەری زۆری هەیە لەسەر بەکارهێنانی کەلوپەل و خزمەتگوزاری ل ناو ئەنجومەنی شارەوانی سۆران، بە تایبەتی بەهۆی دروستکردنی ئارەزوو و بۆچوونی باش لە دڵی بەکاربەران.
- ڕۆڵی میدیاکان: بەکاربەران ڕۆلی ئینستاگرام بە پلەی یەکەم ناساندوون، پاشان تەلەفزیۆن، و دوای ئەوانە فەیسبوک .ئەمە نیشان دەدات کە میدیا تایبەتیەکان بە بڕیاری کڕین نزیکتر بوون.
- داهات و کاریگەری: پەیوەندی ڕاستەوخۆ هەیە نێوان داهاتی بەکاربەر و کاریگەری ڕیکلام؛ هەرچەندە داهات زیادتر بێت، کاریگەری ڕیکلام زیادتر دەبێت.
- خوێندەواری و هۆشیاری ڕیکلامی: پەیوەندییەکی پێچەوانە هەیە نێوان ئاستی خوێندەواری و کاریگەری ڕیکلام. بەکاربەرانی خوێندنیان بەرزە کاریگەری کەمتر لە ڕیکلام دەکەن.
- کارمەندانی خۆبەخۆ: ئەوانەی کاری ئازاد یان خۆبەخۆیان هەیە، کاریگەری ڕیکلامیان کەمترە، چونکە ڕەوشی بازاڕیان باشتر دەزانن.
- تەمەن و ڕووبەڕووبوون بە ڕیکلام: هەرچەندە تەمەنی بەکاربەر زیادتر بێت، ڕووبەڕووبوونی بە ڕیکلامی کەرەستە زیادتر دەبێت.
- ڕەگەز و کاریگەری: ڕەگەزی نێر زیاتر کاریگەری ڕیکلام لەسەرەی، بەڵام ئەم جیاوازە گرنگ نییە بە شێوەی کە هەڵوەشاوە بێ.

### 2. پێشنیارەکان:

- پێویستە دامودەزگاکانی تایبەت بە ڕیکلام بۆ پاراستنی پێگەی خۆیان، ڕیکلامی ڕاست و واقعی ئەنجام بدەن بەشێوەیەک ڕیکلام بکەن کە گوزارشت لە ناوەڕۆکی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان بکات.
- پێویستە حکومەت سانسۆر و چاودێری بخاتە سەر ئەو دەزگا وتۆڕە کۆمەڵایەتیانەی ڕیکلام ئەنجام دەدەن بۆ کاڵا وخزمەتگوزاریەکان بۆئەوەی ڕیکلامەکانیان بە ڕاستگۆیانە ئەنجام بدەن واباشترە دەزگایەکی تایبەت بە حکومەت هەبێت بۆ پشکنینی کوالیتی ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریانەی ڕیکلامیان بۆدەکرێت ئینجا مۆڵەت بدات بە دەزگاکان تا ڕیکلامی بۆ بکەن.
- هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بەو کاڵا وخزمەتگوزاریانەی کوالێتیان خراپە یان زیان بەخشن و ڕیکلامیان

بۆ دەکرێت، بە تایبەت خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان.

•هۆشیارکردنەوەی خەڵک تا بە ئاسانی نەکەونە ژێر کاریگەری ڕیکلام ولە کاتی کڕینی کاڵا لە ڕێگای ڕیکلام دەبێت دڵنیا بنەوە لەوەی لە ڕووی نرخ و کوالێتی هەڵنەخەڵەتێنراون.

•پێویستە ئەو دامەزراوەکانی ڕیکلام دەکەن گرنگی تەواو بدەن بە بەکاربەران وەوایان لێبکەن کە هەست بەوە بکەن ناوەندی گرنگی پێدانن لە ڕێگای مامەڵەی باش وگفتوگۆ.

•پێویستە ئەو دامەزراوەکانی ڕیکلام دەکەن بۆ ئەوەی ڕیکلامەکانیان سەرکەوتووبێ ئارەزوو وپێویستی وتایبەتمەندی بەکاربەران دیاری بکەن.

## سەرچاوەکان


-أبو هنية، أيمن محمود عبدالله، (2021)، أثر التجارة الإلكترونية على السلوك الشرائي للمستهلك: الدور الوسيط للتكنولوجيا المالية، رسالة ماجستير، جامعة الشرق الأوسط، كلية الأعمال، قسم إدارة الأعمال، عمان.

-أنور، ايمان اسماعيل، (2020)، اثر الاعلان على سلوك المستهلك المستدام، المجلة القانونية، جامعة القاهرة، كلية الحقوق، المجلد (8)، العدد (2)، (797-898).

-الحسن، العليش محمد، عمر، سجى محمد، (2019)، العوامل الداخلية لسلوك المستهك وأثرها على المبيعات، بالتطبيق على مؤسسة الاسواق الحرة بالسودان، مجلة العلوم الادارية، جامعة افريقيا العالمية، كلية العلوم الادارية، العدد (3)، (260-312).

-حمودة، منى احمد محمد و المتولي، احمد رمضان محمد،(2024)، النمذجية الهيكلية التفسيرية الشاملة لسلوك المستهلك المعدل والاستراتيجيات التسويقية خلال فترات الركود التضخمي، مجلة البحوث المالية و التجارية، جامعة بورسعيد، المجلد(25)، العدد الرابع، (776-841).

-راضية، لسود (2009)، سلوك المستهلك اتجاه المنتجات المقلدة، رسالة الماجستير، جامعة منطوري – قسنطينة- كلية علوم الاقتصادية و التسيير- الجزائر.

-رحماني، أمال (2023)، دور الملصقات الإعلانية في تغيير سلوك المستهلك دراسة تحليلية ميدانية، أطروحة دكتورا، جامعة قسنطينة3، كلية علوم الاعلام و الاتصال و السمعي البصري، قسم الاتصال و العلاقات العامة، مدينة علي منجلي.

-رزقون و خطاط، حليمة و سارة، (2021)، تأثير الإعلان الالكتروني لمؤسسة اوريدو عبر مواقع التواصل الاجتماعي على سلوك المستهلك- دراسة ميدانية على عينة من طلبة الاتصال والعلاقات العامة، رسالة ماجستير، جامعة صالح بوبنيدر، كلية الإعلام والاتصال والسمعي البصري، قسم الاتصال والعلاقات العامة، الجزائر.

-سعاد، بورحله ( 2023)، محددات سلوك المستهلك في اختيار شريحة الهاتف، دراسة استكشافية على طلبة جامعة قاصدي مرباح، رسالة الماجستير، جامعة قاصدي مرباح ورقلة – كلية العلوم الانسانية و العلوم الاجتماعية – قسم علم النفس و علوم التربية.

-الصالح، جاري، (2008)، تأثير العلامة التجارية على سلوك المستهلك- دراسة حالة: العلامة التجارية لمؤسسة نقاوس للمشروبات الغازية والمصبرات الغذائية، رسالة ماجستير، جامعة محمد بوضياف المسيلة، كلية العلوم الاقتصادية وعلوم التسيير والعلوم التجارية، قسم علوم التسيير.

-عائشة، خليفي، (2020)، الإعلان الالكتروني وتأثيره عاى سلوك الاستهلاكي لمستخدمي الانترنيت- دراسة ميدانية في الجزائر، رسالة ماجستير، جامعة 8 ماي 1945 -قالمة-، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم علم الاجتماع.

-علوان، محمد حسين،(2019)، العلاقه بين اعتماد الجمهور العراقى على مواقع التواصل الاجتماعي واتجاهاتهم نحو قضايا الاصلاح الاقتصادي والاجتماعي- دراسة ميدانية، مجلة لارك للفلسفة و اللسانيات والعلوم الاجتماعية، المجلد(3)، العدد(32)، (344-383).

-عمار، والى (2012)، أهمية دراسة سلوك المستهلك في صياغة الاستراتيجية الترويجية للمؤسسة الاقتصادية، رسالة ماجستير ، جامعة الجزائر3 ، كلية العلوم الاقتصادية و العلوم التجارية و علوم التسيير قسم العلوم التجارية.

-عيدالأغا، حنان تحسين(2017)، أثر التسويق الاخضر على سلوك المستهلك نحو المنتج الاخضر في قطاع غزة من وجهة نظر الاكاديميين والاداريين بالجامعة الاسلامية، رسالة ماجستير، الجامعة الاسلامية، كلية التجارة، غزة.

-غوجل، سايا، (2015)، اثر الاعلان عبر الهاتف المحمول في السلوك المستهلك الشرائي للمستهلكين، رسالة ماجستير، جامعة دمشق، كلية الاقتصاد، قسم ادارة الاعمال، دمشق.

-لمسلفي ، د.عبلة، (2019-2020)، محاضرات في الاقتصاد الجزئي ، جامعة عبد الحميد مهري – قسنطينة 2- كلية العلوم الاقتصادية ، التجارية و علوم التسير- الجمهورية الجزائير).

-محمد، امير سليم، عبداالله، ادريس سلێمان، (2023)، ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتییەکان لە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان،زانکۆی سەلاحەددین، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەرگی(27)، ژمارە(5)، (80-104) https://doi.org/10.21271/zjhs.27.5.6

-نەزاکەت حسین حەمە سەعید و ئەحمەد قادر علی (2019)، ڕۆلی ریکلام لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیدا) خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی بە نموونە، توێژینەوەی بڵاوکرەوە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی (6)، ژمارە (4).

-هيبة، طوال، (2012)، دور الاعلان في تعزيز المركز التنافسي للسلعة، مجلة دراسات، جامعة الاغواط، الجزائر، العدد الاقتصادي، المجلد(3)، العدد(1)، (179-199).

-يوسف، كادي، (2018)، تأثير الإعلان الالكتروني على سلوك المستهلك- دراسة ميدانية على عينة من طلبة الإعلام و الاتصال بجامعة ورقلة، رسالة ماجستير، جامعة قاصدي مرباح -ورقلة-، كلية العلوم الإنسانية و الاجتماعية، قسم علوم الإعلام و الاتصال.

-Ingavale, Deepa, 2013. An impact of advertisements on purchase decision of youth with reference to consumer goods. Advances in anagement, 3(1), pp.18-22.

-Soti, Rupam, 2022. The impact of advertising on consumer behavior. World Journal of Advanced Research and Reviews, 14(3), pp.706-711.

-Roy, Priyabrata, 2022. Theory and models of consumer buying behaviour: A descriptive study. Available at SSRN 4205489.

-Fan, Bowen, 2022, March. Research on the impact of advertisement on consumer behavior. In 2022 7th International Conference on Financial Innovation and Economic Development (ICFIED 2022) (pp. 2693-2697). Atlantis Press.

-https://chawykurd.com . عادل، هيمن ، 5شوبات 2023

-https://mawdoo3.com الحياري ، ايمان، أغسطس 2018

-https://dspace.univ-alger3.dz بربارة، دليلة، 2023

-https://www.bing.com.

-https://www.kau.edu.sa/Files/0002132/Subjects/ME5.pdf. بخاري، عبله عبدالحميد، سلوك المستهلك، جامعة ملك العبدالعزيز

-https://elearning.univ-msila.dz/moodle/mod/resource/view.php?id=128427

**اثر الاعلان على سلوك المستهلكين في إدارة سوران المستقلة لعام 2024 (دراسة ميدانية)**

**سنگر عيسى صالح**
مدرسة شيروكيان ، مديرية تربية ميركسور ، وزارة الرتبية، اقليم كوردستان/ العراق
Sangar.saleh@su.edu.krd
**عفان حاجى صالح**
قسم الاقتصاد، كلية الادارة و الاقتصاد، جامعة صلاح الدين-اربيل، اقليم كوردستان,العراق
afan.salih@su.edu.krd
**گيلان احمد جميل**
قسم الاقتصاد، كلية الادارة و الاقتصاد، جامعة صلاح الدين-اربيل، اقليم كوردستان,العراق
gailan.gamil@su.edu.krd

**الملخص**
يتمتع سوق إقليم كردستان بتنوع كبير في السلع والخدمات، وتطور المؤسسات وشبكات التواصل الاجتماعي ويتزايد متابعها ومستخدميها عاماً بعد عام، لذلك يعتمد بعض من أصحاب المنتجات على الإعلانات في الوقت الحالي. بناءا على ذلك سنقوم في هذه الدراسة الميدانية بتحليل تأثير الإعلان على سلوك المستهلكين. وتتمثل مشكلة الدراسة في مدى اعتماد المستهلكون على الإعلان للحصول على السلع والخدمات؟ وتهدف هذه الدراسة إلى ابراز دور الإعلان في سلوك المستهلكين. وان منهجية هذه الدراسة هي تحليلي ويعتمد على استمارات الاستبانة للحصول على البيانات من خلال اخذ عينة مكونة من (350) مستهلك في ادارة سوران المستقلة لعام 2024 وتوصل البحث الى عدة استنتاجات اهمها؛ الغالبية العظمى من المستهلكين يتفقون على أنه للإعلان تأثير كبير على استهلاك السلع والخدمات. ويتفق معظم المستخدمين على أن تطبيق الإنستغرام هو صاحب التأثير الأكبر على الإعلانات، يليه التلفاز ثم الفيسبوك. هناك عدد من التوصيات أهمها: رفع وعي المواطنين حول السلع والخدمات ذات الجودة الرديئة أو الضارة التي يتم الإعلان عنها، وخاصة الخدمات الصحية.
**الكلمات المفتاحية**:سلوك المستهلك، الإعلان، السلع والخدمات.

**The Impact of Advertising on Consumers' Behavior in Soran Autonomous Administration in 2024 (A Field Study)**

**Sangar Essa Salih**
Shirokian School, Administration Mergasur Education, Ministry of Education, Kurdistan region-Iraq.
Sangar.saleh@su.edu.krd
**Afan Haje Salih**
Department of Economics, College of Administration and Economics, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region-Iraq.
afan.salih@su.edu.krd
**Gailan Ahmad Jamil**
Department of Economics, College of Administration and Economics, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region-Iraq.
gailan.jamil@su.edu.krd

**Abstract**
The market within the Kurdistan Regional Government offers a diverse range of goods and services. The number of users and audiences has increased yearly with the continuous development of institutions and social media networks. As a result, many product owners now depend on advertisements to promote their goods and services. This study examines the impact of advertising on consumer behavior, specifically addressing the question: To what extent do consumers rely on advertising when making purchases? The objective of this study is to assess the role of advertising in shaping consumer behavior. To conduct this study, an analytical approach is adopted, utilizing a questionnaire to collect data from 350 consumers in the Soran Autonomous Administration in 2024. The findings reveal several key insights, the most significant being that the vast majority of consumers acknowledge the strong influence of advertising on their purchasing decisions. Additionally, most respondents identified Instagram as the most effective platform for advertising, followed by television and Facebook. There are several recommendations, the most important of which are: Raising awareness about poor quality or harmful goods and services that are advertised, especially health services.
**Keywords:** Consumer behavior, advertising, goods and services.